

دانـــەر

**نامە نامۆکان**

نامەی سێزدەم

هاوڕێ لەگەڵ ئاوابوونی خۆری ئێوارەی پایز و لە سەر چیای ئەزمڕ حەز ێکی سەیرم هەیە بۆ دەرنەکەوتنی مانگ ئەمەوێت ئیتر خۆر و مانگ بەیەکەوە کۆتاییان بێت .. من هەمیشە لە لوتکەم ئەگەر بڕیارم یا هەناسەو ترپەی دڵ بوەستێنم تۆ مەیەو دەستم مەگرە با بەردەوام بم لە کەوتنە خوارەوە تۆ نازانیت ئەو دیمەنە چەند سەرنج ڕاکێشە! ئیتر با لێرەدا هەموو شتێك بوەستێت ،هەموو شتێك کۆتایی بێت ئیتر هەرگیز مەیە ئەبینیت کەسێك نی یە چاوەڕێت بکات ،هێزێك نی یە تۆ ڕاکێشێت ،هەنگاوەکانی تۆ هەمیشە هەر وا بووە پڕ بووە لە بێ توانایی تازە ڕاکردن سودی چی یە!تۆ لێرە نیت ئەو کاتانەی ژانەکانی ناخ وەك ئاگری دۆزەخ دەرون ئەسوتێنێت ! تۆ لێرە نیت کاتێك فریشتەکانی بەهەشت لەگەڵما سەما ئەکەن ئێستاش لێرە نیت کە خەیاڵەکان ڕۆحم هەلا هەلا ئەکەن و سەدان جار لە نامۆ بوونا ون ئەبم و ئیتر هەرگیز خۆم نادۆزمەوە ..!

ئەی خەیاڵە برۆنزی یەکە حەزم کرد بیرت بێنمەوە لەم سەر زەوی یە هیچ ڕێزو بەهایەکی مرۆڤایەتیم نەبینی زۆر هەوڵم یا کەسێك ببینم خۆپەرست نەبێت ،بەرژەوەند چی نەبێت ،چەند ڕوویەکی نەبێت ،حەزی لە پۆست و دەسەڵات نەبێت،درۆزن نەبێت ،پارە پەرست نەبێت،خیانەتکار نەبێت، بەڵام بە داخەوە کەسێکم نەبینی لە مرۆڤ بچێت ..ئیتر بۆ پێت سەیرە کە باوەڕم بە هاوڕێیەتی نی یە ..بۆ گلەیی ئەکەی کە باوەڕم بە خۆشەویستی نی یە ..ئێستاش دڵنیات ئەکەمەوە کە نە مرۆڤایەتی نە هاوڕێیەتی نە خۆشەویستی بوونی نی یە لەم کەونەیا هەموو ئەمانە درۆیەکی گەورەن..وەهمێکی پیرۆزن ،وە ئەگەر بوونیان هەبێت لەگەڵ دوا چرکەی پێویستی یەکانا کۆتاییان دێت ...

هەمیشە هەروا بووە تەمەن تێئەپەڕێت و ژیان کۆتایی دێت ..ڕۆژێك ێت هەموو دەرگاکان بە ڕووتا ئەکرێنەوە یان هەموو دەرگاکان بە ڕووتا دائەخرێت و کەچی خۆت هەڵئەخلەتێنیت و پێ ی ئەڵێیت خۆشم ئەوێیت ئیتر هەموو کەون لە ڕابردوو ئێستاو داهاتووا لە و وشەیا کۆئەبێتەوەو وا هەست ئەکەیت لە پێش ئەوەو لە دوای ئەوە هیچ شتێکی تر بوونی نەبووە نابێت هەر لەو ساتەیا هەموو درۆکان ئەبن بە حەقیقەت..هەموو ڕاستی یەکان ئەبن بە درۆ.. هیچ جیاوازی یەك نی یە ..ئیتر پرسیار مەکە لە نهێنی دڵم ،وا بیر مەکەرەوە کە نهێنی یەك هەبێت ..دڵی منیش وە ك و ژیان و مردن هیچ شتێکی تیا نی یە ،نەخێر هیچ شتێك !..هەر ئاوایە ئەبینی ڕەنگی دڵ ڕەنگی بەفرە ..هیچ دەنگێك نی یە لەو مەملەکەتە ..لەگەڵ ئەوەشا ئاگام لێ یە هەموو ڕۆژێك گوێ لە دەنگی قاقاکانم ئەگریت و ئەڵێیت خۆزگەم بە خۆی چەن بە مەستی پێ ئەکەنێت !. سەیری ڕۆیشتنەکەی بکە چەن بە باوەڕ بە خۆبوونەوە هەنگاو ئەنێت تەنانەت زەوی لە دەنگی پێ ی ئەلەرزێت ئەستێرەکانی ئاسمان ئەهێنێتە سەما ..

خۆ ئاسسمان بێ دەنگە ئەی خەیاڵە برۆنزی یەکە ..ڕاست بێت یان هەڵە هەر پرسیار ئەکەم ئەبێت ئاسمانێك لە سەروو ئەم کارەساتەوە هەست بە چی بکات کاتێك هەموو ئاکارە ناسروشتی یەکانی مرۆڤ و هەموو غەدرو زوڵم و ناعەدالەتی یەکان لەسەر ئەم ئەستێرەیەی بە ناو زەوی ڤیستیڤاڵ ئەکەن بە بێ کۆتایی ؟! لەوانەیە هیچ تووڕە نە بێت .. هیچ دڵتەنگ نەبێت ..هیچ سەرسورمانێك لەمەیا نی یە تا ئێستاش ئاسمان هەر سەرنج ئەیات و بە پەیامێك ئەڵێت سەبر بکەن و چاوەڕێ بکەن تەنها ئەمە و بەس..